## گۆڕانکارییەکی جددی لە لاپتۆپدا روو دەدات




بۆ هەڵگرتن و پاراستنی داتا و فایلەکان گەلێك شێواز و ئامراز هەن، وەك، DVD فلاش میمۆری، هارددیسك. باشترین و گونجاوترین جێگای متمانەترینیان لەناو ئەوانەی ئاماژەیان پێدرا، هاردە. هارد چەند ساڵێك لەمەوبەر قەبارەی خۆیان گەورە بوو، بەڵام قەبارەی هەڵگرتنی داتاکان لەواندا کەمبوو، دوای هاردی جۆری SSD بەرهەمهات، ئیدی قەبارەی هاردەکان بچووك بۆوەو قەبارەی هەڵگرتنی داتاکانیش تێیدا زۆربوو. لەم دواییەدا کۆمپانیایەکی ژاپۆنی خەریکە هاردێکی جۆری SSD دەخاتە بازاڕ کە تەنیا 2.5 ئینجە، بەڵام توانای هەڵگرتنی داتا لەم هاردەدا شەش ترابایتە، بەم داهێنانەش گۆڕانکارییەکی جیدی لە جیهانی لاپتۆپدا پێکدێت، چونکە هاردی جۆری SSD زیاتر لە لاپتۆپدا سوودی لێوەردەگیرێت، بەهۆی کەمی قەبارەو کێشیان..




## تەبلێت- نوت بووکەکەی پاناسۆنیك

کۆمپانیای پاناسۆنیك تەبلێت - نوت بووکێکی بەرهەم هێناوە کە بە TOUGHBOOK CF-MX4 ناسراوە. ئەمە دوای بەرهەمی کۆمپانیای ناوبراو بۆ ئەوانەی کە پێویستیان بە کۆمپیوتەرێکی هەمە کارەیە.

ئامێری ئاماژە بۆکراو، نەوەی پێنجەمی پرۆسیسەری ئەنتەلی تێدایە کە بە پرۆسیسەری Core i5 5300U ناسراوە، قەڵەمێکی تایبەتی لەگەڵدایە بۆ ئاسانکاری لەکاتی بەکارهێنانی تەبلێت –لاپتۆپەکە.

بەشێك لە تایبەتمەندییەکانی MX4 ئەوەیە کە ویندۆز 8ی لەسەر، شاشەکەی 12.5 و لە جۆری فوول ئیچ دییە. رامەکەی 4 هەتا 8 گێگابایتە. داتاگەی ناوخۆیی واتە میمۆرییەکەی 128 هەتا 256 گێگابایتە لە جۆری SSD یە. چونکە لاپتۆپ- تەبلێتەکە بۆ کاری گرافیکی بەرهەم هاتووە بۆیە شوێنی دانانی کێبڵی HDMI, LAN z, VGA, SD card... تادی هەیە. باتری لاپتۆپەکە زۆر بەهێزە دەکرێت هەتا 13 کاتژمێر بەردەوام کاری پێبکرێت.





## لە دوورەوە بە مۆبایل چاودێری کۆمپیوتەرەکەت بکە

چەند پرۆگرامێك هەن بۆ ئەوەی کە کۆنترۆڵی کۆمپیوتەرێك لە رێگەی دوورەوە بکرێت، سەرکەوتووترین پرۆگرام هەتاکو ئێستا پرۆگرامی TeamViewer-ە. بەهۆی ئەم پرۆگرامەوە بە ئاسانی لە رێگەی دوورەوە کۆمپیوتەرەکەت کۆنترۆڵ دەکەی، بەڵام بەو مەرجەی کە کۆمپیوتەرەکە هێڵی ئینتەرنێتی لەسەر بێت. سوودی گرنگی پرۆگرامەکە لەوەدایە ئەگەر کۆمپیوتەری هاوڕێکەت تێکچوو، دەتوانی هەر لەماڵی خۆتەوە کۆمپیوتەرەکەی بۆ چاك بکەیتەوە. پێشووتر پرۆگرامەکە تەنیا بۆ سیستەمی ویندۆز بوو. لەم دواییەدا ڤێرژنی تایبەت بە مۆبایل و سیستەمی ئەندرۆیدیش بەرهەمهات، واتە دەتوانی بە مۆبایلەکەت بچییە ناو کۆمپیوتەرەکەی خۆتەوە، وەك ئەوەی کۆمپیوتەرەکە لەبەر دەستتدابێت.




## سامسۆنگ خێرایی میمۆری دەباتە سەرێ

کۆمپانیای سامسۆنگ لەم دواییەدا دوو جۆر میمۆری کارتی خستە بازاڕەوە کە بە ناوەکانی PRO plus و EVO plus ناسراون. گرنگترین تایبەتمەندییەکانی ئەم میمۆری کارتانە، خێرایی زۆریەتی لە راگواستنی زانیارییەکاندا کە لە جۆری (پـــرۆ پلاس)دا خێراییەکەی دەگاتە زیاتر لـــە 90 میگابایت لە چرکەیەکدایە. قەبـــارەی هەڵگرتنی داتاکان لـــەو جۆرەدا 32 و 64 گێگابایتـــە. ئەم قەبارانە بۆ گرتنـــی فیلـــم بە کوالیتی K4 و UHD گونجاون و دەتوانـــن زیاتر لە 8 کاتژمێر بە کوالیتـــی فول ئیچ دی لە خۆیاندا هەڵبگرن. بـــەڵام میمۆری کارتی جۆری EVO plus کە رەنگەکەی سوورە، خێرایی راگواستنی داتاکانی کەمترە، بەڵام لە بەرامبەردا قەبارەی 128 گیگابایتی هەیە.




## ئایفۆن ٦ دەبێتە رەش و سپی

کۆمپانیایەکـــی بەرهەمهێنـــی ئامێری لاوەکـــی تایبەت بە مۆبایـــل، کەڤەرێکی بەرهەم هێناوە کە بە popSATE ناســـراوە، ئەم بەرگەی مۆبایل شاشـــەی مۆبایلەکە دەکاتە رەش و سپی بەم هۆیەوەش شەحنی باتری مۆبایلەکە دەرنگتر دادەبەزێت.

هۆکارەکانی دابەزینی شەحنی باتری مۆبایلە هۆشمەندەکان بۆ چەند شـــتێك دەگەڕێتەوە، یەکێك لەوانە شاشەی گەورە، کوالیتی بەهێز و روونی و گەشـــی شاشە. ئەگەر بکرێت شاشەی مۆبایل بە رەش و ســـپی نیشـــان بدرێت، بێگومان باترییەکەی درەنگتر دادەبەزێـــت.. ئەگەر لەبیرتـــان بێت مۆبایلە ســـەرەتاییەکان بە هەفتەیەك باترییان دانەدەبەزی.

کەڤەری ئاماژە پێکراو، بەهۆی بلوتوسەوە بە مۆبایل پەیوەند دەدرێـــت. دەتوانرێت بە داگرتنی دوگمەیەکی تایبەتیش لەگەڵ مۆبایل پەیوەند بدرێت. واتە بەبێ بلوتوســـیش، خودی کەڤەرەکە بەجیا شـــەحن دەبێتەوە، بەڵام کە شەحن کرایەوە دەتوانرێت هەتا 7 رۆژ سوودی لێوەربگری.






## به ویستی خۆت ستایلی مۆبایلەکەی دیاری دەکەی

لە دیزاینی ئەو مۆبایلەی پێتە ناڕازی، حەزت دەکرد کامێراکەی لە شـــوێنێکی دیکە با، یان سپیکەرەکەی لەو شـــوێنە نەبا، ستایل و چوارچێوەی مۆبایلەکەت بە دڵـــی خۆت نییە، لەمەولا بە کەڤـــەری Nexpaq خۆت ســـتایلەکە دیاری دەکەی. پێشووتر گوگل پرۆژەیەکی بەناوی ARA داڕشـــتبوو، کە بکرێـــت وەك کۆمپیوتەر پارچەکانی ناو مۆبایلەکەت بگۆڕی. کەڤەرەی ناوبراو ئامانجەکەی گوگلـــی هێناوەتە دی. لەم کەڤەرەدا 12 پارچە جێگایان گرتووە، وەك شـــوێنی فلاش درایف، ســـپیکەر، لایتی تایبەت. باتریيەکـــی بەهێزتر لە هی مۆبایلەکە، دانانی پارچەکانی بە ویستی خۆتە لە کوێ دایان دەنێی دایبنێ لەلای راست یان لەلای چەپ..



## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

خوێنەرێکی بەڕێز دەپرســـێت، ئایا پرۆگرامەکانی گەڕاندنەوەی فایلە ســـڕاوەکان واتە پرۆگرامی ریکۆڤەری بـــۆ فلاش میمۆریش دەگونجێـــت، واتـــە فایلـــە سڕاوەکانی سەر فلاش میمۆریش دەگەڕێنێتەوە؟ چەند پرۆگرامێکی باشی ریکۆڤەریم پێ بناسێنە.

خوێنەری بەڕێز: بەڵێ، فلاش میمـــۆری یان هـــاردی دەرەکی یـــان میمـــۆری کارت ئەوانە بە پرۆگرامەکانـــی گەڕاندنـــەوەی فایلـــەکان دەگەڕێنـــەوە، بـــەڵام رەنگە هەموو فایلێك نەگەڕێتەوە بەتایبەتی کـــە ناوەکەی بە ئەلف و بێی (ئارامـــی) واتە عەرەبی نووســـرابێت..پرۆگرامی باش بۆ ئەم مەبەستە زۆرن بەڵام ئەوانەی خوارەوە لە ریزی باشـــەکانن. E-seUS Data Recovery Wizard و Active@ File Recovery. جگـــە لەوانـــەش دەتوانی بـــە گەڕان بە ئینتەرنێتـــدا پرۆگرامی دیکەش بدۆزیەوە.





## به دەست مۆبایلەکەت شەحن بکەوە

بۆ شـــەحن کردنەوەی مۆبایل لە زۆر شـــێواز سوود وەرگیراوە، وەك شەحنکردنەوە بە کارەبا، خۆر، تەنانەت ئاو و ئاگریش...لەم رۆژانەدا کەڤەرێکی تایبەت بۆ مۆبایل بەناوی Crankcace بەرهەم هاتووە کە بەهۆیەوە بەبێ کارەبا تەنیا بە دەست دەتوانی مۆبایلەکەت شەحن بکەیەوە.

ئەو لایتانەتان بیر دێتەوە کە بە سوڕاندنی دەستەیەك (یـــەدە) کە بۆ ئەم مەبەســـتە داندرابوو شـــەحن دەکرایەوە، ئەم کەڤەرەش راســـت وەك ئەو لایتانە دەچێت. لە پشتەوەی کەڤەرەکە دەستەیەك هەیە کە بە ســـوڕاندن مۆبایلەکە شەحن دەبێتەوە، هەتا ئێستا تەنیا بۆ ئایفۆن داندراوە. بەڵام کەلێنێکی USBیشی هەیە دەکرێت ئامێری دیکەشی پێ شەحن بکرێتەوە. بە وتەی بەرهەم هێنەری کەڤەرەکە بە سوڕاندنی پێنـــج خولەکەی دەتوانی بۆ ماوەی 15 خولەك شەحن ببێتەوە..



# چاوخشاندێکی خێرا بەسەر لاپتۆپ- تەبلێتی ئەیسەر


دوای ئـەوەی کـە تەبلێـت وەك یەکێـك لـە ئامێرە دیجیتالییـەکان جێگەی خۆی لەلایـەن بەکارهێنەرانی کردۆتەوە، کۆمپانیاکان هەوڵیانداوە دوو ئامێر لە یەکتردا کۆبکەنـەوە، وەك تەبلێت-مۆبایل، تەبلێت- لاپتۆپ.. کۆمپانیای ئەیسەر لەم ڕۆژانە لاپتۆپ- تەبلێتێکی بەنـاوی APIRE R11 بەرهەم هێناوە کە پێدەچێت بچووکترین تەبلێت- لاپتۆپ بێت. شاشـەکەی 360 پلە دەسوڕێتەوەو ئەوکات دەبێتە تەبلێتێکی ئاسایی. تەبلێت- لاپتۆپی ناوبراو شاشەکەی 11.6 ئینجـە، سیسـتەمی ویندۆز 8ی لەسـەرە، لە پرۆسیسـەری نوێی ئەنتەل سـوود وەردەگرێ. هەرچەنـدە بەر لە تەبلێـت- لاپتـۆپ ناوبـراو، چەند کۆمپانیایەکـی دیکەش لاپتۆپ- تەبلێتیان بەرهـەم هێناوە، بەڵام جیاوازی ئـەم تەبلێتە لەگەڵ ئەوانی دیکە ئەوەیە کە شاشە و کیبۆردەکە لێك جیانابنەوە و بەڵکـو بە سـوڕاندنی شاشـەکە بۆ پشـتەوە دەبێتە تەبلێت.



## سایتێک بۆ داهێنان و بەرهەمهێنان

ئەگەر حەزت لە داهێنانە و حەز دەکـەی بزانی ئەو ئامێـر و کەلوپەلانەی کە ڕۆژانـە دەیانبینـی چۆن دروستکراون، یان دەتهەوێت لەو کەلوپەلانەی کە ڕۆژانە فڕێیـان دەدەی، داهێنانی تێدا بکەی و شـتی نوێی لێ بەرهەم بێنـی. بۆ ئەم مەبەستە سـەر لە سایتی **www.iNstructables.com** بدە. لەم سـایتەدا ڕیزبەندی ئەو ئامرازانـەی تێدایە کە مەبەسـتتە، بە هـەزاران داهێنانـی تێدایە و هەروەها چۆنیەتی دروسـتکردنیان دەخاتـەڕوو. ڕەنگـە لات سـەیر بێت زۆر شت ڕۆژانە کە دەیخەینـە ناو تەنکەی زبڵەوە، تـۆش دەتوانیت بە جۆرێکـی دیکە سـوودی لێببینـی. تەنانەت دەتوانی داهێنانەکانی خۆشـت لەو سایتەدا نمایش بکەی.

## پرۆگرامێک بۆ دیزاینی دیمەنە سروشتییەکان



پرۆگرام گەلێکی زۆر هەن بۆ دیزاینی وێنەی سـێ ڕەهەندی، وەك پرۆگرامە ناسراوەکانی maya , 3D max، پرۆگرامێکی دیکەش هـەن کە دیزاینی و نەخشـەی بینا و باڵەخانەیان پێ دروسـت دەکرێ وەك ئوتـوکاد، پرۆگرامیش هەیە بۆ دیزاینی دیکۆراتی ناو ماڵەوەیە، بەڵام پرۆگرامـی Planetside Terragen Pro Animation تایبەتمەندییەکەی لـە پرۆگرامەکانی دیکە جیاوازە، ئـەو پرۆگرامە تایبەتە بە دیزاینی دیمەنی سروشـتی وەك، دەریا، ڕووبار، چیا و دەشـت و دارستان و...تاد. لە زۆربەی فیلمە سینەماییەکان یارییە سێ ڕەهەندییەکاندا لەو پرۆگرامە سوود وەردەگرێ.